بەنگینە (١٩٠٨–١٩٧٢)، حاجی باقی بەنگینە، شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستانە و هەمیشە لە ڕیزی گەلدا بووە و بە شیعر تەعبیری لە ئێش و ئازارەکانی هەژاران و میللەتەکەی کردووە، بۆیە بە شاعیری میللی و شاعیری گەل ناسراوە.



سەرەتای ژیان و خوێندنی

بەنگینە

ناوی فەیزوڵڵا کوڕی باقر کوڕی ئەحمەدە، ١٩٠٨ لە شاری سەقز چاوی بە دنیادا هەڵهێناوە. لەبەر هەژاری و نەداری، ڕووی کردووەتە سلێمانی و لێی نیشتەجێبووە. لە منداڵییەوە وەک شاگرد و نانەوا دەستی داوەتە کاسبی، پاشان خۆی بووەتە خاوەنی نانەواخانە. بە چوار ساڵ لە قوتابخانەی ئەهلیی زانستی فێری خوێندنەوە و نووسین بووە. ئەو ماوەیە بەشداری هەموو چالاکییەکی زانستی بووە لە نواندنی شانۆیی و بۆنەکانی نەورۆزدا.

لە قوتابخانەی زانستیی ئێواران خوێندویەتیو لە ژین و ژیانیش بەرهەمەکانی بڵاوکردووەتەوە.

شانۆییی (مەم و زین)

لە شانۆییی» مەم و زین «دا دەوری بەنگینەی نواندووە، هەر لەبەرئەوە حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ناسناوی بەنگینەی بەسەردابڕیوە[١].

شیعر و ئەدەب

شیعرەکانی زۆربەی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیین، شیعری دیکەی خۆشەویستی و کۆمەڵایەتیشی هەیەو بۆ مەرگی شاعیران و ناوداران بە شیعر شیوەنی گێڕاوە.

بۆ هەر یەکێک لەم بوار و ئامانجانە هۆنراوەی نووسیوە: کوردایەتی، کۆمەڵایەتی، پیرەمێرد، ڕۆژنامەی- (ژیان و ژین)، قوتابخانەی زانستی، نەورۆز، گوتارەکان، جەنگ و گرانی، ئاشتی، نامەنووسین بۆ شاعیرە ناودارەکـان، شین بۆ بلیمەتانی کۆچکردووی سەردەمی خۆی..

بەهرەی شیعرنووسیی لا پەیدابووە و لە (ژیان، ژین، گەلاوێژ، هەتاو)دا لێی بڵاوکردووەتەوە.

ناونانی شەقامەکان

ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەرێی ڕۆژنامەی ژین ژمارە ١٣٤٩ لە ١٩٥٧ بانگەوازێک بڵاو دەکاتەوە داوا دەکات ناو هەڵبژێرن بۆ شەقامەکانی شار لەوکاتەدا، لەدوای هەفتەیەک بەنگینە لەهەمان ڕۆژنامە لەژمارە ١٣٥٠ هۆنراوەی ناونانی شەقامەکان بلاودەکاتەوە و پەسەند دەکرێت.

دەقی هۆنراوەکەی بەنگینە:

ژینی خۆشەویست، چرای ئەم شارە

ناونانی شەقام فەرزە ئەم جارە

لە سەرا بەرەو خوار ناوی نراوە

شەقامی کاوە، خاوەنی ناوە

شەقامی کەرکوک، بەهەشتی زەوی

ناوی لێ بنێن جادەی مەولەوی

لەبەرسانەوی، هەتا سەرقەبران

ناوی لێ بنێن شەقامی سەیوان

شەقامێک دەڕوا بۆ ماڵە شێخان

خوا ناویناوە جادەی کانێسکان

ڕێگای سەدەکە، کە جادەی ناوە

سابوونکەرانە، قەت نەگۆڕاوە

پیرەمێرد، ئەمرو دڵی زۆر جوانە

مزگرو زبانی ژیانی کوردانبوو

ئەویش لەم شارە بەشی خۆی ئەوێ

جا نازانم کام شەقامی بەرکەوێ

شەقامی ژمارە ٩٥ لەسلێمانی

شینی بەنگینە بۆ شێخ مەحمودی نەمر

ئەی دڵ کۆستی وا هەر نەبینراوە

بۆ هەڵناقرچێی بەدەم جەفاوە

هاوار سێبەری نیشتمانم ڕۆ

سەرداری گەلی کوردستانم ڕۆ

شەڕی دەربەند و بەردەقارەمان

بووە بە مێژوو بۆ گەلی کوردان

لەشکرکێشییەکەی ئەو ساڵەی پیران

ئەتوت ڕۆستەمە و هاتووە لە سیستان

با دڵ بناڵێ بەدەم دەردەوە

بە شین و ڕۆ ڕۆ و بەم چەند فەردەوە

هاوار بەندی دڵ برا بە جارێ

قەڵای قەومی کورد رووخایە خوارێ

سەرداری گەلی خێر نەدیوم ڕۆ

ئازا وەك رۆستەم، جوان وەك گیوم ڕۆ

گریان بەشمان بێ کوردی جیهانی

بێ گەورە ماوین لە دنیای فانی

ڕۆژی ئاوباریك هەر یادگارە

وەك چەنە قەلعە لە خەڵکان دیارە

هەڵوێستی سیاسی

بەنگینە، شاعیرێکی شۆرشگێڕ و بە هەڵویست بووە و لە ساڵانی پەنجاکاندا لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بووە و بە شیعرە ئاگرینەکانی جەماوەری جۆشداوە. بەهۆی ئەو هەڵویستانەیەوە چەند جارێک زیندانی کراوە و تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بووەتەوە و لە سەردەمی زەعیم سدیقدا یەکێک بووە لەو کەسانەی بڕیاری گوللەبارانکردنی هەبووە، بەڵام ئازایانە خۆی دەرباز کردووە.

هاوکات هەڵوێستی دژ بە کاربەدەستانی حکوومەت هەبووە و چەند جارێک لەو پێناوەدا گیراوە و خراوەتە زیندان.[١][٢]

بەرگی دیوانی بەنگینە

وەسێتی بەنگینە

بەنگینە بەشیعر وەسێتنامەی خۆی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئاواتی من بوو، ڕزگاریی کوردان

وەسیەت بۆ ئێوە دەستەی هاوفەردان

ئەوا من مردم نەگەیمە ئاوات

لاوان لامەدەن لە کۆڕی خەبات

تا ڕزگار ئەبێ کورد و کوردستان

بەڵکوو سارێژ بێ زامی شەهیدان

هەر کات ڕزگار بوو کوردی قارەمان

من لە گۆڕیشدا، ئەبم شادمان

(بەنگینە) هیوای وایە بە یەزدان

هەر ئاوەدان بێ خاکی کوردستان

کۆچی دوایی

ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولی ١٩٧٢ کۆچیدواییی کردووە و لە (گردی سەیوان) نێژراوە

خانەوادەکەی

کوڕەکانی: تۆفیق (ناسراو بەتۆفیق پاڵەوان، شۆفێری دێرینی پاسەکانی تووی مەلیک)، نوری لەگەڵ کچەکانی: (پەروین، نەسرین، گەلاوێژ)

نووری کوڕیشی دوای کۆچی دوایی بەنگینەی باوکی و لەچلەکەیدا نووسیویەتی.

چیت پێشکەش بکەم، باوکی بەڕێزم

رۆشنیی چاو و توانا و هێزم!

کۆچی دوایی تۆ سەرسامی کردووم

بەجارێ هۆش و ئارامی بردووم

ماڵئاواییت خواست، نابەدڵ، ناکاو

بۆ گیانی پاکت هەزاران سڵاو.

وێردی زوبانت کورد و کوردستان

گیانت بە بەهەشت شادبی، شادمان..

باخچەی بەنگینە لەتووی مەلیک

وەفا بۆ بەنگینە

بۆ ڕێزلێنان لەرۆڵی دیاری ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە

-باخچەیەک لە گەڕەکی توویی مەلیک کراوە بەناوییەوە

-پەیکەرێکیشی لە ئەسحابە سپیی شاری سلێمانی بۆ دروست کراوە

-شەقامی ژمارە ٩٥ ی نزیک ڕێستۆرانتی داوا کراوە بەناوی بەنگینەوە

السيرة الذاتية للشاعر: حاجي باقي بەنگینه (١٩٠٨–١٩٧٢)

شاعر الشعب، وصوت الكفاح والأمل الوطني

يعد حاجي باقي بەنگینه (فيض الله بن باقر بن أحمد) من أبرز الشخصيات الأدبية والوطنية التي تركت بصمة خالدة في تاريخ مدينة السليمانية. وُلد عام ١٩٠٨ في مدينة سقز، ونظراً لظروف الفقر وقسوة الحياة، هاجر إلى السليمانية التي احتضنته لتصبح منطلقاً لمسيرته الحياتية والأدبية. بدأ حياته كخباز، ورغم الظروف الصعبة، استطاع بفضل عزيمته وإصراره التعلم في "المدرسة العلمية الأهلية"، ليصبح صوتاً معبراً عن آمال وتطلعات شعبه.

المسيرة الأدبية والوطنية:

شاعر الشعب: عُرف بەنگینه بكونه صوتاً للمظلومين والكادحين. تميزت أشعاره بطابع وطني وقومي عميق، إلى جانب إبداعه في القصائد الاجتماعية، العاطفية، ورثاء الشخصيات الكردية البارزة مثل الشاعر الكبير "بيرەمێرد".

النضال الثوري: لم يكن بەنگینه شاعراً فحسب، بل كان مناضلاً ميدانياً. كان في طليعة المتظاهرين خلال خمسينيات القرن الماضي، وتعرض للاعتقال والتعذيب مراراً. في عهد "زعيم صديق"، صدر بحقه حكم الإعدام، لكنه استطاع النجاة بفضل شجاعته وذكائه.

بصمة في هوية المدينة: كان له دور تاريخي في تسمية شوارع السليمانية عام ١٩٥٧، حيث نشر قصيدة في جريدة "ژین" (ژین) اقترح فيها أسماء للشوارع لا تزال قائمة حتى اليوم، وتعد وثيقة تاريخية للهوية الجغرافية للمدينة.

النتاج الأدبي: نُشرت قصائده في أبرز الصحف والمجلات الكردية في ذلك العصر، مثل: ژیان (ژیان)، ژین (ژین)، گەلاوێژ (گەلاوێژ)، وهەتاو (هەتاو).

الوصية الشعرية:

ترك بەنگینه وصية شعرية للأجيال القادمة، أكد فيها على ضرورة مواصلة النضال من أجل تحرير كردستان وتضميد جراح الشهداء. هذه القصيدة تظل عهداً أبدياً يعكس تفانيه المطلق لقضيته الوطنية.

Poet Identity: Haji Baqi Bangeena (١٩٠٨–١٩٧٢)

The Poet of the People, Voice of the Nation's Struggle and Hope

Haji Baqi Bangeena (Faizullah, son of Baqir, son of Ahmed) was born in ١٩٠٨ in the city of Saqqez. Due to poverty, he migrated to the city of Sulaymaniyah, which became the hub of his life and literary career. From a young age, he worked as a baker, yet through sheer determination and education at the "Ahli Zansti" school, he became a voice of cultural and national significance.

Literary and Social Legacy:

* *Voice of the People:* Bangeena is renowned for being the voice of the underprivileged and the resilient. His work encompasses national, patriotic, social, and romantic poetry, as well as elegies for prominent Kurdish figures, including Piramerd.

* *Revolutionary Stance:* He was not merely a poet but an activist. He was at the forefront of the ١٩٥٠s demonstrations, enduring imprisonment and torture. During the era of Zaeem Siddiq, he faced a death sentence but escaped through his courageous spirit.

* *Shaping the City's Identity:* In ١٩٥٧, he proposed the naming of Sulaymaniyah's streets through his poetry, published in the Jhin newspaper. Many of these names remain today, serving as a testament to his historical contribution to the city.

* *Publishing:* His works were prominently featured in the most influential publications of his time, including Jiyan, Jhin, Gelawizh, and Hetaw.

The Poet’s Testament:

Bangeena left a poetic testament for future generations, calling for the continued struggle for Kurdistan’s liberation and the healing of the martyrs' wounds. This oath remains a symbol of his unwavering dedication to his homeland.